# Peyam

ژمارە ( ٦١ )  سێ شەممە  ١٢ی شەوال/ ١٤٣١  ٣٠ی گەلاوێژی ٢٧١٠  ٢٠١٠/٩/٢١






سەرنووسەر

## بۆچی لە سوتاندنی قورئان دەترساین

زۆر کەس دەپرسیت: خۆ لەکوردستان چەندەها قورئـان سـووتاوە، بـەعس لەگەڵ هەر گوندێك چەندەها قورئانی دەسووتاند، ئـەی بۆچـی تـەنها لەسـەر سوتاندنی قورئان لەلایەن قەشە جۆنزەوە وا تووڕە بوون.

ئێمە وەنەبێت تەنها لەبەر ئەوە تورە بووبین، کە قورئان دەسووتێت، نەخێر، هۆکاری دیکەش هەبوون، چونکە قورئان ئەگەر لـە کاغـەزێکیش بـسووتێت، بەڵام لەدڵی ملیارێك کەس گەشەی کرد، نەك سووتا، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوە تـووڕە بـووین: ئـەو ئـاگرەی لـە ١١ی سـپتێمبەر چـەندەها موسڵمانیـشی سووتاندو، دەیان موسڵمانی تووشی ئاریشە کرد، قەشە ویستی بە دنیا بڵێت: ئەوە قورئان بوو سووتاندی. قەشە ویستی ئەوەندە بێ ئیمـانو لاواز پیـشانمان بدات، بە بەرچاوی هـەموو کامێراکـان قورئانمـان بـسووتێنێتو، هەسـتمان بسووتێنێت، ئێمەش ئەوەندە لاواز بین، نەتوانین بەدەنگیش دیفاع لـە خۆمـان بکەین، بەبێ ئەوەی بزانێت، کە لەگەڵ ئەو کارە ئیمان لـەدڵی گـەنجو پیرو ئافرەتانەوە زیندوو بوویەوە.

هەتا ڕۆژئاوا سەد دەر سەد لە بندەستی کلێسا دابوو، نەیتوانی جگـە لـە مەزەبێك قبوڵ بکات، لەگەڵ هاتنی عەلمانیەت دەرگا بە رووی دینو مەزەبە جیاوازەکان کرایەوە، بەڵام لە جیهانی ئیسلامی هەر لەگەڵ هاتنی ئیـسلام، پەیامی ئاشتیو پێکەوەژیانی بڵاوکردەوە، لەوەتـەی ئیـسلام هەیـە، هـەموو دینو مەزەبە جیاوازەکان هەنە، ئەگەر تووشی پێکدادانیش بووبن، قەت بـەو قەناعەتە نەبووە، کە نابێ ئەوەی دیکە نەبێت، چـونکە ئیـسلام فێـری ژیـان لەگەڵ ئەوەی دیکەی کردووین، لێـرە عەلمانیـەت دای دەخـات، ئیـسلامیش دەیکاتەوە، لەوێ کلێسا دایدەخات، عەلمانیەت دەیکاتـەوە. بۆیـە ترسـاین، خەریك بوو، قەشە ئەو گیانەی پێکـەوەژیان، کـە پـەیامی ئیـسلام دروسـتی کردووە، بخاتە ژێر هەڕەشەو مەترسییەوە.

## خێرو چاکە خەمۆکیو نەخۆشیە دەرونیەکان لادەبات

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك دەرکەوتووە، کە خێرکـردنو کـاری چـاکە دەبنـە هـۆی بەختەوەر بـوونی مـرۆڤو تەندروسـتیەکی باشو دوور بوون لەنەخۆشـیە دەروونـیو خەمۆکییەکان.

زانکۆی ساسیکسی بەریتانی هەڵساوە بـە ئەنجامـدانی توێژینەویـەك، لـەبارەی هۆکـاری ئاسـوودە بـوونی مـرۆڤ، دەر کەوتووە کە چاکەو خێر کـردن، هۆکـاری سـەرەکیە، بـۆ نەهێـشتنی خـەمۆکیو نەخۆشیە دەروونیەکان، سـەرەڕای بـەهێز کردنی بڕواو متمانە بەخۆ بوون.

بۆ ئەو توێژینەوەیە لێکۆڵەران کاریـان لەسـەر کۆمـەڵێك کـەس کـردووە، کـە تەمـەنیان لـە نێـوان ١٠ تـا ٥٥ سـاڵی دابووەو، بەردەوام کاری چـاکەیان ئـەنجام داوە، لەئەنجامدا دەرکـەوتووە ئەوانـە بـە بەراورد لەگەڵ کەسانی تر، بەرێژەی ٣١٪ لـە پێـشترە. هۆکارەکەشـی بـۆ ئـەوە گێڕاوەتـەوە، کـە کـاری چـاك هۆکـاری بەختـەوەری گەیاندنـە بـە بەرامبـەر، بەهەمان شێوە ئـەو چاکەیە کاریگـەری ئەرێنی بۆ خاوەنەکەشی دەگێڕێتەوە.



هەندێك لە ئەندامانی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە گەلاڵەی باڵەکایەتی ساڵی ١٩٧٠

# ئەو منداڵەی تەمەنی شەش ساڵەو پێنج جزمی قورئانی لەبەرە

راگەیانـدنی لقـی سـۆرانی یـەکێتی زانایان: شەوی (٢٥) رەمـەزانی ئەمـساڵ لقی سۆرانی یەکێتی زانایـان کۆتـایی بـە خولی پێشبڕکی قورئانی پیرۆز هێنـا، کـە سـاڵانە بـۆ قورئانخوێنـانی سـنوورەکەی ئەنجامی دەدات.

ئـەوەی ئامـادەبووانی زیـاتر سەرسـام کرد، منداڵێکی شەش ساڵانە بـوو، کـە پێنج جوزئی قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو.

ئەو منداڵـە نـاوی (عبـدالرحمن عمـر عبـداللە)یـەو، لـەدایکبووی سـاڵی ٢٠٠٤ەو، ئەمـساڵ دەچـێتە قوتابخانـە، دانیـشتووی گـەڕەکی وەسـتا رەجەبـە لەسـۆران، کـە بـە ئەسـڵ خـەڵکی قەلادزێیـەو، پـەروەردەی دەسـتی دایـكو باوکێکی دیندارو خواپەرستە، توانیـوەتی بەو تەمەنە بچوکەیەوە تـەنها لـەماوەی ساڵێكو چوار مانگ پێنج جوزئی قورئان زۆر بە ڕەوانی لەبەر بکاو، چەندین خەلات بەدەست بهێنێ.

لەوەڵامی پرسیارێکدا لەسەر چۆنیەتی خولیـابوونی بـە لەبـەرکردنی قورئـانو ئەوکەسانەی یارمەتیان داوە، عبـدالرحمن گـوتی: دایـك بـاوکمو مامۆسـتاکەم زۆر یارمـەتی دەرم بـوونو هاوکـار مـن بەتایبەت دایکم رۆژانـە یارمـەتیم دەداو مراجەعەم پێدەکاتەوە، خۆشـم زۆرم حـەز لەقورئانەو، هیوادارم خوا یارمەتیم بدا بۆ ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا هەموو قورئان لەبەر بکەم.



# دایكو باوکێکی ڕەش پێست منداڵێکی سپی پێستیان دەبێت



هـەواڵێك لەڕاگەیاندنـەکانی وڵاتـی نێجیریا رای گشتیو زۆرێـك لەپسپۆڕانی بـواری تەندروسـتی تووشـی سەرسـوڕمان کـرد، بـەوەی دایـكو بـاوکێکی بەرەگـەز نێجیریو رەش پێـست، کە خاوەنی دوو منداڵی رەش پێـسـتی وەك خۆیـانن، بـەڵام بـەم دواییـە خـوا کۆرپەلەیەکی تـری پـێ بەخشیوون، کـە سـەیر لەوەدایە ئـەو کۆرپەیـە سپی پێستە، کە ئەمـە بە پێی وتەی پسپۆڕانی بـواری پزیـشکی حاڵـەتێکی دەگمەنـە، چونکە بە سروش مرۆڤ لە وەچەوە دەگەڕێتـەوە سـەر شـکلی دایـكو باوکیو بەپێی ویراسی شتەکان دەڕۆن.

ئەو دایکە گومـانی خراپـی لـە بـاروە دەبـرا، بـەڵام دوای پـشکنینی پزیـشکی دەرکـەوتووە، کـە ئـەو منداڵـە هـی باوکیەتیو ئافرەتەکە خیانەتی نەکردووە.

پرۆفیـسۆر برایـان سـایکس سـەرۆکی توێژینەوەی ویراسی لەزانکۆی ئۆکـسفۆرد رایگەیانـدووە: لـەو حاڵەتـە دەگمەنـە، بەتایبـەت لـەوڵاتێکی وەك نێجیریـا کـە تێکەڵاوی لەنێوان ڕەش پێستو سپی پێت کەمە.

## ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمەریکی: داوادەکەم بۆ ناسینی ئیسلام رووبکەنە مزگەوتەکان



ئەندام کۆنگرێسێکی ئەمـەریکی کـە ناوی (کـەیس ئیلـسۆن)ە تاکـە ئەنـدامی موسـڵمانی کۆنگرێـسە، لەچاوپێکەوتنێکیدا کە لە تۆڕی (سی بی ئێس)ی تایبەت بـە هـەواڵو دەنگوبـاس پـەخش کـرا گـوتی: پێویـستە لەسـەر هاوڵاتیانی ئەمەریکی بۆ ناسینی ئاینـە ئاسمانیەکانو بەتایبەتیش ئاینی ئیسلامو موسـڵمانانی ڕاسـتەقینە، سـەردانی پەرسـتگاو کلێـساو مزگەوتـەکان بکـەنو لەوێوە ڕووی جوانو درەوشاوەی ئاینیـان بۆ دەربکەوێ.

لەدرێـژەی قـسەکانیدا زیـاتر گـوتی: ئیسلام بەهیچ شێوەیەك هانی توندوتیژیو کوشتو بڕی نادات، ئەو کەسانەیش هیچ پەیوەندیەکیان بەئیسلامەوە نییە کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن.

لەدوا وتەیشیدا گوتی: بەداخـەوە لـەم دواییانـە هەسـت بـەجۆرێك لەتونـدیو کاردانەوەی نابەجێ دەکرێ بەرامبـەر بـە ئیسلامو موسڵمانان، لەلای خۆمەوە هیچ گومانم نییە زۆرینەی ئەوانەی ئەم کارانە دەکـەن کـەمترین زانیاریـان دەربـارەی ئیسلامو موسـڵمانانی ڕاسـتەقینە نییـەو هیچیان لەقوڕئانەکەی نەخوێندۆتەوە.

## ساڵانە ٨٠ هەزار ئەمریکی موسڵمان دەبن



بـەگوێرەی تـازەترین ئامـاری راگەیێنراوێکی دامەزراوەیـەکی ئیسلامی لەئـەمریکا سـاڵانە ٨٠ هـەزار هـاوڵاتی ئـەمریکی موسـڵمان بـوونی خۆیـان رادەگەیەنن.

لەبەرنامەیـەکی تایبـەتی کـەناڵی ئاسمـانی نیلـی کلتـوری میسری لـەڕۆژی ٢٠١٠/٨/٣١ دکتـۆر فـازلا سـولێمان بەڕێوەبەری گشتی دامـەزراوەی (جسور للتعریـف بالاسـلام) لەوڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا رایگەیانـد: ساڵانە لەسـەرجەم مزگـەوتو سـەنتەرە ئیـسلامییەکانی گـشت وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٨٠ هەزار کەس موسڵمان بوونی خۆیان رادەگەیەننو هیچ هەفتەیەك بێ موسـڵمان بـوونی دەیـەها کـەس تێپـەڕنابێتو موسـڵمان بـوون بەشێوەیەکی بەرفراوانو بێ وێنـە زیـادی کردووە.

دواتر لەدرێژەی وتەکانیدا دکتۆر فـازلا گوتی: ئـەم ئامارانـە هـیچ گومانێکیـان تێدانییـەو لەلایـەن دەزگـاو ناوەنـدەکانی بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە ئەمریکییـەکان پشتڕاست کراونەتەوە، باشترین بەڵگـەیش بـۆ راسـتی ئامارەکـان وتـەی سـەرۆکی پێـشوتری ئەنجومـەنی نوێنـەرانی ئەمریکییـە، کـە چـەند رۆژێـك بـەر لـە ئێستا لەکەناڵەکانی راگەیاندن هۆشـداری دا لـەوەی: کـە ئیـسلام هێرشـێکی بەرفراوانی کلتوری بۆ سەر کلتورو نەریتی ئەمریکا هێناوە.

سەرچاوە: مفكرة الاسلام

## بەریتانیەکان لەدژی سەردانی پاپا ئینجیل دەسوتێنن



وەك نارەزاییـەك بـۆ دەربـڕینی هەسـتی خۆیـان بەهاتنی پاپای ڤاتیکان (پاپا بێندیکتۆس)ی شازدەهەم بۆ وڵاتی بەریتانیا، چالاکوانانو داکـۆکیرانی مـافی منـدالان بەڵێنیان داوە لەگەڵ هـاتنی پاپا ئینجل بسوتێنن.

لەهەواڵێکی ڕۆژنامەی (دەیلی ستار)ی بەریتانیدا هاتووە: ڕێکخراوێکی تایبـەت بە مـافی منـدالان هەڕەشـەی سـوتاندنی ئینجل دەکات گەر هاتوو پاپـا سـەردانی بەریتانیا بکات.

لەدرێـژەی هەواڵەکـەدا هـاتووە: خۆپیـشاندەران رۆژی پێنجـشەممە بۆیـە ئینجیل دەسوتێنن چونکە تائێستا پاپـا هـیچ ئیجرائـاتێکی یاسـاییو لێپێچینەوەیەکی نـەکردووە لەسـەر ئـەو قەشـە کاسـۆلیکیانەی دەسـتدرێژی سێکسیان کردۆتە سەر مندالان.

لەکۆتایی هەواڵەکەیشدا وتـەی (مـات ئۆکۆنۆر)ی سەرۆکی ڕێکخراوەکە

بۆ ل٧